پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ هەردوو دەستەی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێران و هاوڕیان و کادران و دۆست و لایەنگرانی هەردوو حیزب ڕادەگەیەنین بە بۆنەی گیان لە دست دانی هاوڕێ ماندوو نەناس منصور حکمت. کە بووەتە کەلێنێکی زۆر گەورە لە بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەی کریکاری و سۆسیالیستی بە ڕاستی هەواڵی گیان لە دەست دانی هاوڕێ منصور حکمت هەواڵێکی دڵتەزێن بوو خەمێکی گەورەی خستە دڵی هەموومانەوە چوونکە ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو لە ناو ئەستێرەکانی بزووتنەوەکەماندا چرای ڕۆشن کەرەوەی خەباتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو بە ڕاستی وەسفی تەواو نابێت کەلێنێك و بۆشایەکی گەورەی درووست کردووە لە ناو هەردوو بزووتنەوەی کرێکاری عێراق و ئێراندا دووبارە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان هەردوو مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێران دەکەین و بەشداری خەم و پەژارەتان دەبین هیوادارین خەبات و تێکۆشانتان زیاتر برەو پێ بدەن و جۆش و گەرمی بکەن و کەلێن و بۆشایی هاوڕێ منصور حکمت پڕ بکەنەوەو بەردەوام بن لە سەر خەبات و تێکۆشانەکەی.

**بەرز و بەڕێز و سەرکەوت و بێت خەباتی هاوڕیانی منصور حکمت**
**بڕۆخێ ڕژێمی سەرمایەداری و کۆنەپەرستی بۆگەن**

هاوڕێیانتان:

| | |
|---|---|
| تەیب بکر اسماعیل | کرێکاری بیناسازی |
| جزا رشید | بێکار |
| وەستا علی محمد | کرێکاری بیناسازی |
| عمر علی | فیتەری سەیارە |
| احمد علی | کرێکاری دەواجن |
| هەمزە محمد | کرێکاری شارەوانی |
| عمر محمد شریف | کرێکاری بیناسازی |
| عمر حسن پشدەری | حەرەسی گەراجی ناوبازاڕ |